# سەندنەوەی هەق ومافی خۆت بەبێ شکات ودادگا وقازی

[ kurdish – کوردی – كردي ]

دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2012 - 1433

IslamHouse.com

# استيفاء الحقوق من غير المقاضاة

« باللغة الكردية »

فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2012 - 1433

IslamHouse.com

# سەندنەوەی هەق ومافی خۆت بەبێ شکات ودادگا وقازی

**پرسیار :** ناسراوێکم هەندێك پارەی بەقەرز لێوەرگرتم، بەڵام لەبەر ئەوەی متمانەم پێی بوو نووسراوێکم بۆ نەنوسی کە بەڵگە بێت لەسەرقەرزەکەم، دواییش ئەو کەسە هەر موماتەڵەی دەکرد بەدانەوەی قەرزەکەم، وئێستا هیچ شتێکم لەبەردەستدا نییە کە ئەو قەرزەی پێ بسەلمێنم، ئایا ئێستا دەبێت من چی بکەم ؟ ئایا دروستە بۆم بەئەندازەی ئەو قەرزە دزی لێ بکەم وپارەکەی خۆم لەو ڕێگەیەوە بگێڕمەوە ؟

**وەڵام :** سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان، درود وصەڵات وسەلام بۆ سەر محمد المصطفى وئال وبەیت وهاوەڵ ویارویاوەرانی هەتایە هەتایە .

یەکێك لەئادابەکانی قەرز ئەوەیە خاوەن قەرز تا ئەتوانێت وبۆی دەکرێت ئەگەر جارێك پێویستی بەو ئەندازە قەرزە نەبوو یارمەتی ئەو کەسە بدات لەدانەوەی قەرزەکەی وزیاتر مۆڵەتی بدات، بەو شێوەیەش شەرعیە هەر لەسەرەتاوە خاوەن قەرز شاهید بگرێت لەسەر ئەو کەسەی کە قەرزەکەی لێوەردەگرێت، وە ئەو قەرزەیش با بەو هۆکارانەی قەرزی پێ ئیثبات وجێگیر دەبێت ئیثباتی بکات، وەك لەدەفتەری قەرزەکانیدا بینوسێت و خۆی و شاهید وئەو کەسەش قەرزەکەی لێ کردووە ئیمزای

بکەن، و کاتی وەرگرتن ودانەوەیشی دیاری بکەن، و قەرزارەکە ئیلزام بکات کە لەکاتی خۆیدا بەوەفا بێت وبیگێڕێتەوە بۆی .

جا قەرزارەکەیش ئەگەر کاتی دانەوەی قەرزەکە هات با خێرا بکات لەدانەوەی ئەگەر توانای دانەوەی هەبوو، خۆ ئەگەر توانای دانەوەیشی نەبوو ئەوا با داوای مۆڵەت بکات لەخاوەن قەرزەکە کە ماوەکەی بۆ درێژ بکاتەوە، هەندێك لەزانایانیش دەڵێن پێویستە خاوەن قەرزیش لەکاتێکدا قەرزارەکە نەیتوانی قەرزەکەی لەکاتی خۆیدا بداتەوە دەبێت مۆڵەتێکی تری بدات بۆ ئەوەی بتوانێت بۆی بگەڕێنێتەوە، جا ئەگەر بۆی دەرکەوت کە پاش ئەو ماوەیەش هەر ناتوانێت بیداتەوە ئەوا خاوەن قەرز بۆی هەیە شکاتی لێ بکات لای قازی ودادگا، یان لێی خۆش بێت، چونکە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ وَإِنْ كَانَ ذُو عُسْرَةٍ فَنَظِرَةٌ إِلَىٰ مَيْسَرَةٍ وَأَنْ تَصَدَّقُوا خَيْرٌ لَكُمْ إِنْ كُنْتُمْ تَعْلَمُونَ ﴾ [البقرة : ٢٨٠] واتە : ئەگەر قەرزارەکەش دەست تەنگ ونەدارابوو، دەبێ تادەسەڵات پەیدا دەکات بۆ بژاردنەوەی قەزرزەکە ماوەی بدەن، خۆ ئەگەر قەرزارەکەتان توانای دانەوەی نەبوو، ئێوە ئەگەر ئازادی بکەن وپێی ببەخشن گەلێ بۆتان باشترە، ئەگەر بزانن ئەم کارە چ خێرو پاداشێکی گەورەی تێدایە بۆتان .

خۆ ئەگەر قەرزارەکە دەوڵەمەند وپارەدار بوو، بەڵام بەبێ هۆ قەرزەکەی دوای دەخست ونەیدەگەڕاندەوە بۆ خاوەنەکەی،

ئەوە بابزانێت بەو کارەی ستەم و زوڵم لەو خاوەن قەرزەی دەکات، چونکە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لەفەرموودەیەکیدا فەرموویەتی : « مطل الغنی ظلم » [متفق علیه] واتە : دواخستنی فەرزارێکی دەوڵەمەند لەدانەوەی قەرزەکەی زوڵم وستەمە .

لەم کاتەدا ئەگەر خاوەن قەرزەکە دەیتوانی بەو شاهید و بەڵگەنامانەی کەبەدەستیەوەیەتی کابرا پەلکێشی دادگا بکات، ئایا بۆی دروستە بەبێ گەڕانەوە بۆلای قازی ودادگا هەقەکەی خۆی بسێنێتەوە یان نا ؟

شافعیەکان دەڵێن : ئەگەر دەیتوانی بەشکات ودادگا وقازی هەقەکەی خۆی بسێنێتەوە بەوەی قەرزارەکە دانیدەنا بەقەرزەکە بەڵام نەیدەدایەوە ودوای دەخست، یان ئینکاری لێ دەکرد بەڵام بەڵگەی بەدەستەوە بوو کە قەرزاریەتی، یان ئومێدی وابوو کە قەرزارەکە لای قازی دان بنێت بەو هەقەی لەسەریەتی وسوێندی قەرزارەکە دەدات، ئەوا دوو ڕای جیاواز هەیە لەم بارەیەوە :

**ڕای یەکەم :** پێیان وایە کە واجبە سەندنەوەی ئەم قەرزە هەر دەبێت لەڕێگای قازی ودادگاوە بێت .

**ڕای دووەم :** پێیان وایە خاوەن قەرز دەتوانێت بەبێ گەڕانەوە بۆلای قازی ودادگا هەقەکەی خۆی بسێنێتەوە و وەری بگرێتەوە، ئەویش بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەر (صلی اللە علیە وسلم) مۆڵەتی هیندی خێزانی ئەبوسوفیانی دا کە هێندەی پێویستی خۆی ومناڵەکەیەتی بەشێوەیەکی جوان وبەبێ ئیسراف کردن لەماڵ وپارەی ئەبوسوفیان ببات بەبێ مۆڵەت وەرگرتنیش لێی، ئەویش لەبەر ئەوەی ئەبوسوفیان کەسێکی ڕەزیل بووە و بەپێی پێوست نەفەقەی بۆ ماڵ ومناڵی سەرف نەکردووە، وە لەبەر ئەوەیش ئیجرائات وهاتوچۆی شکات کردن و دادگا درێژە ئەکێشێت، لەبەر ئەوە لەسەر ڕای دووەم پێویست بەمە ناکات، وخاوەن قەرز دەتوانێت بەبێ دادگا وقازی هەق ومافی خۆی وەربگرێتەوە .

خوای گەورە زانا وشارەزاترە .